ڕێز بگرن وگرنگی بدەن بە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەویش بە ڕێزگرتن وگرنگیدان بە ئەهلی بەیت [بنەماڵە وخێزانی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-]

ئەبو بەکری سدیق -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «ڕێز بگرن وگرنگی بدەن بە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەویش بە ڕێزگرتن وگرنگیدان بە ئەهلی بەیت [بنەماڵە وخێزانی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-]».

[صەحیحە] [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

لەم وتەی ئەبو بەکری سدیق -ڕەزای خوای لێبێت- بەڵگەیە لە سەر ئەوەی کە هاوەڵان مافی ئەهلی بەیتی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- یان زانیوە وگرنگییان پێیان داوە وڕێزیان لێیان گرتووە، بۆیە ئەوەی لە ئەهلی بەیت بێت ولە سەر ڕێبازی ڕاست بێت کە شوێنکەوتەی سونەتی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بێت؛ ئەوا دوو مافی هەیە: مافی ئیسلام ومافی نزیک بوونی لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، ولەم وتەیەیشدا دەردەکەوێت کە ئەبو بەکر وهەموو هاوەڵانیش ئەهلی بەیتیان خۆش دەویست وئاموژگاری خەڵکیان دەکرد کە چاک بن بەرامبەریان.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3041